# منالآنی چاوگەش ئەمڕۆژەتان پیرۆز بێت...بەلآم

6/1 ڕۆژی جیهانی منداڵانەو لە هەموو دنیادا بەشێوەی جۆراو جۆر ڕێز لەم ڕۆژە دەگیرێت , بە ئاهەنگ ,ڕێپێوان , نارِەزایەتی ,گۆرانی , سەیران , سەماو چەندین کاری هونەری و ئەدەبی تر . لەم ڕۆژەدا چالاکیەکان دەبن بە دوو بەشەوە , دەسەلآتداران دەیانەوێت تەواوی نەهامەتی و ڕۆژ ڕەشیەك کە بۆ منالآنیان خولقاندووە بیشارنەوەو تەنها بە چەند بەرنامەیەك , قسەی بێناوەڕۆك و چاوەشەکارانە ئەم ڕۆژە بەسەلامەتی تێپەڕێنن و ئیتر هەرچی ئەو دۆزەخانەی بۆ منالآنیان سازداوە پەردەیەکی ڕەشی پێدا بدەن و بۆ ڕۆژی 6/2 جارێکی تر کارە دژی ئینسانی و منالآنیان دەست پێبکەنەوە . بەلآم هەرلەم ڕۆژەدا بەشەکەی تر لە کۆمەلگای ئینسانی لەسەرتاسەری دنیادا جۆرێکی تر چالاکی نمایش دەکات و سەرجەم نەهامەتی و بێمافیەکانی منالآن دەخەنە ئەستۆی نیزامی زالمانەی سەرمایەداری ,ئەم بزووتنەوەیە لەبری داپۆشینی دیاردەکان بە پەردەی ڕەش بە پێچەوانەوە زۆر جەسورانە خەریکی لابردنی پەردەکان و هەلمالینی تەواوی ئەو تاوانانەن کە بەرانبەر بە منالآن ئەنجام دەدرێن . ئەمرۆ کۆمەلگای ئینسانی و ئێمە هەموومان کاتێك ئەم ڕۆژە پێشوازی دەکەین , هەلومەرجی ژیانی ڕۆژانەی منالآن بە جۆرێکە کە ئامارەکان بە تەواوەتی ئینسان دەتاسێنن و غەرقی بیرکردنەوەو نەفرەتیان دەکات, لە نیزامی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی منالآن . سەرەڕای ئەوەی لە بەشێك لە وولآتە پێشکەوتووەکانی دنیا بەهۆی خەبات و نارەزایەتی خەلکەوە منالآن بە هەندێ لەماف و خواستە منالآنەکانی خۆیان گەشتوون , بەلآم لە دنیایەکدا کە سەرتاپای پارەو سامان و سەروەتە, لە دنیایەکدا کەبۆتە بێشکەیەك بەدەست سەرمایەدارو خاوەن بازارِە کان, لە دنیایەکدا کە تەکنەلۆژیاو ئامێر و کەشتی جەنگی و تۆپ و تەیارە بە ئەوپەڕی خۆی گەشتووە , بە ملیۆنەها منالّ دەرگیرن لە گەلّ ئایدز و دەیان نەخۆشی کە تەنها بە هۆی نەبوونی حەب و دەرمانەوە گیانیان لە دەست دەدەن , بە ملیۆنەها منالّ ئاوی پاکیان دەست ناکەوێت کە بیخۆنەوە ,منالآن لەسەرتاسەری دنیادا بازرگانی سێکسیان پێوە دەکرێت و سەدان کۆمپانیای بەرهەم هێنانی فلیم و وێنەی سێکسیان لێ پڕکراوە منالآن لە بواری سەربازیدا بەکاردەهێنرێن و دەکرێنە سووتەمەنی و زەخیرەی شەڕ, منالآن لە بوارەکانی بازرگانی تلیاك و مادە بێهۆشکەرەکاندا بەکاردەهێنرێن بێ ئەوەی خۆیان ئاگاداربن لەوەی کە ڕوودەدات , نەخوێندەواری و برسیەتی و ئاستی نزمی ژیانی منالآن ئەمرۆ لە هەر کاتێکی تر هەڕەشەیەکی ترسناك ترە بۆ سەر منالآن و بۆ سەر تەواوی ئینسانیەت . ئەگەر ئەمە تراژیدیای ژیانی منالآن بێت لە جیهاندا ئەوا ژیانی منالآنی عێراق و کوردوستان بەشێکی تری ئەم پێکهاتە دژی ئینسانیە پێك دەهێنن و جیاوازی نیە . لە ژێر سایەی دەسەلآتی ڕەشی بەعسدا منالآن تەواوی مافەکانیان ژێر پێ نرابوو تەنانەت وەك ئینسان سەیر نەدەکران , منالآن لای دەسەلآتی بەعس ئەو کەسانە بوون کە وەك لەشکرێکی بێخاوەن خرابوونە کار بۆ پاراستنی دەسەلآتەکەیان نەك وەك ئینسانی بچووك سەیر بکرێن و ئارەزووە منالآنەکانیان بۆ فەراهەم بکرێت . هەر بۆیە سەدان لەشکرو سووپای سەربازی لێ دروست دەکردن , لە سایەی ئەم دەسەلآتەدا سەدان منالّی بێ سەرپەرشت و بێ جێگای حەوانەوە لە سەر شەقامەکان بە بۆنی تەنەر و سیکۆتین خۆیان بێهۆش دەکردو ڕۆژیان دەکردەوە . لێدان و دەست دڕێژی سێکسی بەشێکی فراوانی ژیانی ئەم منالآنەی پێك هێنا , ئەم نیزامە هەرچی دژی ئینسانی و دژی منالآنە ئەنجامی دا . 14 سالّی دەسەلآتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد هاوکاتە لە گەلّ 14 سالّ بێمافی و چەوساندنەوەی منالآن و ڕاگرتنی پەیوەندی و فەرهەنگێکی کۆنەپەرستانە بە سەریانەوە , سیستەمی پەروەردەو فێرکردن , کاری تاقەت پڕووکێن و ڕێکخستنیان لە نێو حیزب و هێزە سەربازیەکان , خۆکووشتن و سووتاندن لە سایەی ئەم دەسەلآتەدا بەبێ ئەوەی سەرەتایترین مەسئوولیەت لە خۆی نیشان بدات , لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆو بێدەربەست بوونی ئەحزابی حاکم لە کوردوستان هەزاران منالّ بوونە نێچیری دەستەوتاقمی ئیسلامی و حوجرەو مزگەوتەکانیان بۆ کردنە جێگای فریودان و مێشك شۆردنەوەیان , تەنانەت کار بەوە گەشتووە هەزاران خێزان لەسەر حیسابی مووچەی منالّەکانیان کە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە دەدرێت دواکەووتوانە ترین جۆری پەروەردە و سوونەتی کۆنەپەرستانەیان بەسەردا فەرز دەکرێت . ئەوەی ئەحزابی قەومی کورد بەرانبەر منالآن کردوویەتی و دەیکات لە کوردوستان هیچ کەمتر نیە لەوەی کە کردویانە لە بەرەکانی شەڕی ناوخۆ . لە دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی و بەدەسەلآت گەشتنی ئیسلامی و قەومی و سەرۆك عەشیرەکان ئیتر دۆزەخێك بۆ منالآن سازدرا پێوویست بە قسەکردن ناکات و ڕۆژانە بەچاوی خۆمان دەیبینین چیان بەسەر دێت ,

ئەگەر تا دوێنێ ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە سەرۆکایەتی صەدام ئەو کارەی بە منالآن دەکرد , ئەوا ئێستا دەستەوتاقمی ئیسلامی و سەرۆك عەشرەت و ناسیۆنالیزمی کوردیشی چوویە سەر . کوشتن و زەواجی منالآن و بێ سەرپەرشتی بوون لە دیارترین دیاردەکانی ژیانی ئێستای منالآنە لەسایەی ئەم بازرگان و عەمامە بەسەرانەدا .

لە کۆتاییدا پیرۆزبای خۆم ئاڕاستەی تەواوی منالآنی جیهان وکوردوستان و عێراق دەکەم و چاوە گەشەکانیان ماچ ئەکەم و دەڵێم هەر نیزام و دەسەڵاتێك نەتوانێت حورمەتی منالآن بگرێت ئەو دەسەڵاتە ئەبێت بڕوخێت .

بانگەوازی سەرجەم ئەو ئینسانانە دەکەم کە خەمی منالآن بۆتە خەمی شەو ڕۆژەیان بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی منالآن بە گوڕوتینێکی زیاترەوە بێینە مەیدان و لەدەوری یەکتر کۆببینەوە .

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com
2005/5/31